# ڕۆژ ژمێر (تقویم) ناوی کوردی

کاک کیان جانەای، مامۆستای زمانی کوردی، لە ئیبتیکارێکی جوانی فەرهەنگیدا 'ڕۆژ ژمێری ناو'ی بە کوردی پێشکەش کۆمەڵگای کوردەواری کردوە. لە وتووێژێکدا کاک کیان زۆرتر باسی ئەم کارەی دەکات. بۆ ئەوەی جەماوەرێکی زۆرتر لەم ئیبتیکارە ئاگادار بن و هەروەها زانایان لە بواری کولتور و زماندا بتوانن یارمەتی کاک کیان بدەن، ئەم وتووێژەتان پێشکەش دەکەین و هەروەها هەوڵمان داوە بۆ سایتەکانی دیکەی بنێرین.

مەعروف ک.

بیرەوەری
www.bireweri.net
11.4.2007

١. کاک کیان پیرۆزباییت لێ دەکەم بۆ ئەم ئیبتیکارە جوانە. بیرۆکەی 'ڕۆژ ژمێری ناو' لەکوێوە هاتوە؟

پێشەکی سپاسی پێزانین و وشە جوانەکانت دەکەم... دەزانین لە زۆربەی وڵاتانی ئورووپا بە پێی کولتوور و نەریت لە هەر ڕۆژێکدا ناوی چەن کەسیک دیاری کراوە و ناوە نوێکان هەر چەن ساڵ کەرتێک زیاد دەکرێن و ناوەکان لە ڕۆژ ژمێری ئەو وڵاتانەدا تۆمار کراوە. جا کوردیش وەکوو نەتەوەیەکی گەورە کە زۆر ناوی جوان و ڕازاوەی تێدایە بۆچی ئەم کارە تەکات. دووهەمین بیرۆکە ئەوە بوو، کە زۆر کات منداڵانی کوردی بیانی پرسیار دەکەن بۆچی من ڕۆژی ناوم نییە. سێهەم من وەکوو مامۆستایەکی زبانی کوردی لەو کاتەوە کە ئەم رۆژ ژمێری ناوی کوردیەم بە قوتابییەکان نیشان داوە. قوتابیان بە دڵەوە سەیری دەکەن و چاوەڕێی ڕۆژی ناوەکەیان دەکەن کە پێکەوە کە پۆلدا جەژن بگرین یان بە دۆستەکانیان ڕابگەیێنن کە ئیمەش ڕۆژی ناومان هەیە و هیچ جیاوازێکمان لە گەڵ ئێوەدا نییە.

٢. چەندە پێوەی ماندوو بوویت؟

ماوەی یەک ساڵێکە بە وەسیلەی دۆستان و خۆشەویستان لە ناو کوردستان و دەرەوەی کوردستان ناوەکان کۆ دەکەینەوە.

٣. 'ڕۆژ ژمێری ناو' بە کاری چی دێت؟ بە چی خزمەت دەکا؟

له پرسیاری یەکەمدا کەمێک وڵامم داوە. بەڵام بۆ زیاد کردن دەتوانم بڵێم، کە خۆشترین وشە لە لایەن هەر مرۆڤێک ناوی خۆیەتی ئەم کارە دەبێتە هۆی ئەوە لەم ڕۆژ ژمێرە بۆ شادی و خۆشی کەڵکی لێ وەر بگیرێت و هەر وەها بتوانین ناوە جوانەکانی کوردی کە بە بیروڕای من جوانترین تێبینی لە شێوەی ژیان و ئاواتەکانی ئەم نەتەوەیە نیشان دەدات گەشە پێبات. هەروەها بەم شێوە دەتوانین منداڵەکان یان هەر کەسیک با لە ساڵێکدا هەم جەژنی لەدایک بوون بگرێت هەم جەژنی ناوی خۆی. دەتوانین بڵێین با شادیەکە زۆر بکەین و تاڵیەکان لە بیر بەرینەوە.

٤. تەرتیبی ناوەکان چۆن هاتوە؟ ئایا لە قاعیدەیەک پەیرەوی دەکەن؟ بۆ وێنە بۆچی ناوی ڕەوشەن لە ١٥ی پووشپەڕدایە و نەک لە ١٦ی ئەو مانگە؟

تەرتیبی تاوەکان بەو شیوەیە، لەم ماوەی یەک ساڵەدا کە لە گەڵ هاوڕێکاران ناوەکانمان کۆ دەکردەوە هەوڵمان دەدا کاتێک کە ناوی هەر کەسێکمان دەپرسی هەرەها رۆژ یان لانیکەم مانگی لەدایک بوونی بپرسین. لە کۆتایدا ئەو ناوانە لە ڕۆژی لە دایک بوونیان بە یەک نزیک بوو لەو مانگەدا و لە ڕۆژێکی نزیک بە هەموو داماندەنا و ناوەکانیتریش کە پیتەکانیان بەو ناوانە نزیک بوون لە یەک جێگا دادەنران، ئەو ناوانەیش کە کەمایەتی بوون بە نزیک بوون بە ناوەکانیتر داماناوە.

٥. لە ناوی کچەکان 'شەهین، مەهین، ژیلا' دیارە، بەڵام ناوی کوڕەکان بە تەواوی کوردین. بۆچی؟ بۆ وێنە (بۆ زۆرتر تێگەیشتن) ناوی من 'مەعروف'ی تێدا نیە.

لە نێو ناوەکاندا دروستە ناوایەک وەکو شەهین و.... هەیە کاتێک ئێمە سەیری ئەو ناوانە دەکەین ئەو ناوانە هیچ پەیوەندیەکی بە کاروباری دین یان زبانی عەرەبی نییە و هەروەها لە کاتی مانا کردنەوەدا مانایەکی جوان دەدات. بەڵام مەعروف گیان بەڕاستی لە دڵۆ ئێژم ناوی تۆ زۆر زۆر خۆشە زۆر جوانە کە ئەم ناوە خۆشەیش لە ڕۆژ ژمێری ناودا هەبێت ، وەلی ئایا دەتوانی بۆ زانیاری خۆیشم بۆمی ڕاست بکەیتەوە کە لە زمانی کوردیدا هەیە یان ئایا پەیوەندی بە زبانی عەرەبیەوە نییە.

بیرەوەری: هیوادارین لە تەکمیل کردنی ئەم ڕۆژ ژمێرە سەرکەوتوو بیت و لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا جێ بکەوێت.